# بێ بەهرەیی بە درێژایی خەت!

## وەڵامێك بە کەریم ئەحمەدی سکرتێری حیزبی شیوعی

**ڕێبوار ئەحمەد**

لە ڕاستیدا کەریم ئەحمەدو حزبی شیوعی لە ئێستادا کاندیدی من نەبوون بۆ ئەوەی قسەیان لەسەر بکەم، لە ناو بارودۆخی ئێستادا ئەوان بۆ ئێمە نە نۆرەیان بووو نە ئەولەویەتیان بووو نە جێگاوڕێگایەکی سیاسی وایان هەبوو کە پێویست بکات قسەیان لەسەر بکەین. بەڵام کەریم ئەحمەد بەو کۆمەڵە قسە نازلو بێناوەرۆکانەی کە لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ بڵاوکراوەی (میدیا)ی ژمارە ١٢٨ی ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/١ کردویەتی، ئەم کارەی کرد بە ڕیشی منەوە.

قسەکانی کەریم ئەحمەد لەو گفتوگۆیەدا سەیرو سەمەرەن، نەك لەبەر ئەوەی بە ناوەرۆك پوچو بێ بەهرەن، نەك لەبەر ئەوەی نازلو بێناوەرۆکن، هەروەها نەك لەبەر ئەوەی قین لە دڵانەن بەرامبەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەڵکو بەڕاستی سەرتاپای قسەکانیو هەتا ئەوانەی هیچ پەیوەندیەکی بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە نیە، زۆر دوورە لەوەی لە قسەی کەسێك بچێت کە سەرو ڕیشی لە ناو سیاسەتو حزبایەتی سپی کردبێتو سکرتێری حزبێکی تەمەن ٦٨ ساڵە بێت. من دەمزانی ئەو بێبەهرەیە، بەڵام نەك بەم ڕادەیە، بۆیە ئێستا ئیتر زۆرم پێسەیرە حزبێکی سیاسی کە تەمەنی خۆی دەدات لە سێ چارەکە سەدە ئەمە سکرتێرەکەی بێتو خەلکانێکی سیاسی وەکو کادرو ئەندامو سەرکردە لە دوایەوە ڕاوەستن.

سەردێڕی گفتوگۆکەی دەڵێ"پەیوەندیمان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق خۆش نییە چونکە هەردوکیان توندڕەون"!!.. ئەوە بەجێی خۆی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو بزووتنەوەی ئیسلامی، کە لایەکیان بەکرێگیراوو کۆنەپەرستو تیرۆریستو فتوادەرو دژی ژنو دژی ئینسانیەتەو ئەوی دیکەشیان لە بەرگری لە ئازادیو ئینسانیەتو مودێڕنیزمو یەکسانیخوازیدا "توندڕەوە"، دەخاتە تای یەك تەرازووەوە. بەڵام ئەو کە ئەم قسە کۆنو سواوەی دواکەوتووترینو ڕاسترەوترینو عەشایەرترین هێزە سیاسیەکانی کوردستان دوپات دەکاتەوە، چ بەهرەیەك بۆ خۆی دەمێنێتەوە. قسەکانی لەسەر ئێمە هیچی لە داهێنانی خۆی نیە. ئەوەی بە ئێمە دەڵێ "توندڕەو" قسەی دەستی چەندەمەو هەرچی کۆنەپەرستو محافەزەکارو پیاوسالارو قەومپەرستو دواکەوتوی ئەم کۆمەڵگایە هەیە، لە پێش کەریمەوە ئەم قسەیەیان بە ئێمە ووتوە. ئەوەی کە بە ئێمە دەڵێ "ئەمانە ئیستفزازی خەڵك دەکەنو دەڵێن چۆن پیاو چوار ژنی هەیە دەبێ ژنیش چوار پیاوی هەبێت" دیسان قسەی خۆی نیە، بەڵکو ٧-٨ ساڵ پێش ئەو مەلای مزگەوتەکان ئەم قسەیەیان بە ئێمە ووت. ئەوەی کە دەڵێ "ئەمانە بە بەرزکردنەوەی شیعاری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لایەنگری دیکاتۆریەتو دژی دیموکراسین" ئەمەش قسەو شیعاری چەواشەکارانەی ئەمریکاو بلۆکی غەربە کە ١٠-١٥ ساڵ پێش ئێستاو لە ئاکامی هەرەسی بلۆکی شەرقی قیبلەگای پێشووی کەریمەوە کردیان بە مۆد. ئەوەیش کە دەڵێ "لە کوردستان نەسەرمایەدار هەیەو نە کرێکار" قسە کۆنی ٣٠ ساڵ لەمەوبەری ناسیونالیستە دژی کرێکاریەکان بوو لە بەرامبەر

چەپو کۆمۆنیستەکانو بڕیاری ١٦ ساڵ لەمەوبەری ڕژێمی بەعسیشە. کەوایە بە دەر لە ناوەڕۆکی قسەکان، پرسیاری من ئەوەیە کە بەهرەی ئەم پیاوە بێبەهرەیە لە چیدایە کاتێك تەنها دواکەتووانەترین قسەی سواوی کۆنەپەرستان لە دژی کۆمۆنیزمو چینی کرێکار دووپات دەکاتەوەو تەنانەت یەك قسەی خۆی تیا نیە؟!

بەم حالەوە قەزاوەت لەسەر منصور حکمت دەکاتو دەڵێ "مەوزون نیە". ئەم قسەیەش لە حوکمو تەرازوەکەی مەلا محەمەدی شارەزووری دەچێت. ئەو مەلایەکی دیهاتی بوو نامیلکەیەکی نوسیبوو بە ناوی "داروین لە تەرازووی ژێریدا" بەو عەقلو تەرازووەی خۆیەوە نیشانیدابوو کە داروین نەك ژێر نیە بەڵکو ئەحمەقە. بڕیاربوو نامیلکەی دووەمیش بە ناوی "مارکس لە تەرازووی ژێریدا" بنوسێت. ناوی نامیلکەکانی بەس بوو بۆ تێگەیشتن لە ئەقڵو تەرازووەکەی مەلا. حوکمە پڕ "بەهرە"کەی کەریمیش نیشانی دەدات کە کەلوپەلەکەی ئەمیش بۆ هەلسەنگاندنی منصور حکمت لەوەی مەلا محەمەد ئەچێت، بۆیە بەڕاستی ئەگەر منصور حکمتی بە "نا مەوزون" نیشان نەدایە دەبوو لە بلیمەتی منصور حکمت بکەوتبایەنە شکەوە.

چۆن دەکرێ کەسیك سەرو ڕیشی لە ناو سیاسەتو حزبایەتی سپی کردبێتو لە موقعی سکرتێری حزبێکدا بیت بەلام بەم شیوە نا مسئولانەیە قسە فریبدات. کاتێك تۆمەتی ئەوە دەداتە پاڵ حزبێك کە گوایە ووتویەتی "بۆچی پیاو بۆی هەیە چوار ژن بێنێ، بەڵام ژن حەقی نیە چوار مێرد بکات" بیر لەوە نەکاتەوە کە بەبێ ئەوەی بەڵگەیەك لە بەرنامە یان لانی کەم لە دێرێك نوسراو یان لە دەمی قسەکەریکی ئەو حزبەوە پەیدا بکەیت، ناکرێ لە خۆوە تومەتی نازلی وا لە زار فرێدەیتە دەرەوە. ئەمە لە بنەڕەتدا قسەی باندە ئیسلامیەکانە لە دژی ئیمە. ئەوان دەیانزانی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دژی چەند ژنەیە، دەیەوێ چەند ژنە نەمێنێ، نەك چەند مێردەش بێتەکایەوە. ئیسلامیەکان ئەمەیان دەزانی بەڵام بۆ چەواشەکاری ئەو قسەیەیان کرد کە ئەمڕۆ لە دەمی کەریمەوە دێتە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بەو ڕادەیە ساویلەکە نەبوونو هەرگیز ئەو قسانەیان نەخستە سەر کاغەزو لاپەڕەی ڕۆژنامە، بەڵکو لە خوتبەی جومعەدا بە مەلای رشوەخۆرو بێ باریان دەکرد. ئێستا کە سکرتێری حزبی شیوعی ئەم قسەیە دووپات دەکاتەوە یان دەبێ فریوی مەلای مزگەوتی خواردبێ یان دەیەوێ خۆی دەوری مەلای مزگەوت ببینێ. خۆی سەرپشکە کامیان هەڵدەبژێرێ.

ئەو بۆچونی ئێمە لەسەر مەسەلەی کورد بەهەڵە لە قەڵەم دەداتو دەڵێ ئەوان "خزمەتی مەسەلەی کوردو بزووتنەوەی ئازادی نیشتمانی کوردستان بە خزمەتی سەرمایەداری دادەنین...". بۆچوونی ئێمە بۆ مەسەلەی کورد ئەوەیە کە کێشەی کورد بە کێشەیەکی سیاسی گرنگی ئەم ناوچەیە دەزانین کە پێویستی بە چارەسەری گونجاو هەیە، ڕێگاچارەش سەلماندنی مافی خەڵکی کوردستانە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ لە کوردستاندا دەنگدانێکی ئازاد بکرێ بۆ ڕاپرسی بە خەڵك لە بارەی ئەوەی کە دەیانەوێ لە عێراقدا لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بمێننەوە یان جیابنەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکبهێنن. خەڵك دەنگی بەچیدا دەبێ ئەوە وەکو ڕێگاچارە پیادە بکرێ. هەروەها ئێمە لە ئێستاداو تا کاتێك کە ڕژێمێکی فاشیستی نەتەوەپەرستی وەکو بەعسو ناسیونالیستی عەرەبی لە عێراقدا لەسەرکاربێت، ڕێگاچارەی جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی

سەربەخۆ بە گونجاو دەزانین. دەکری مامۆستای "پڕ بەهرە" پێمان نیشانبدات کە هەڵەی ئەم بۆچونە لە چیدایە؟!

بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە مەسەلەی کوردو ئەو شتەی ئەو پێی دەڵێ "بزووتنەوەی ئازادی نیشتمانی کوردستان" دوو مەسەلەی لێك جیاوازن. سیاسەتی ئێمە باشترین خزمەتو باشترین ڕێگاچارەی مەسەلەی کوردی لە خۆی گرتووە. بەڵام ئەو "بزووتنەوە"یەی کە ئەو باسی دەکات، بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی-ئیسلامی عەشایەری دواکەوتووە، پیاوسالارە، بێبەریە لە پێشکەوتنخوازیو سکولاریزم، هیچ ئازادیخوازیەکی تیا نیە. ئەو بزووتنەوەیە دەیان ساڵە مەسەلەی کوردی کردوەتە کاڵای دەستی بۆ ساتو سەودای سیاسی لەگەڵ هێزو دەوڵەتانی کۆنەپەرستی جیهانو ناوچەکە. ئەو بزووتنەوەیە زیاتر لە ١٠ ساڵە دەسەڵاتی کوردستانی بەدەستەو بە قانونی بەعسی- ئیسلامی بەڕێوەی دەباتو کارنامەی ئەم ١٠ ساڵەی لەبەردەستی خەڵکدایە کە هیچ حەقانیەتو ئازادیخوازیەکی بۆ ناهێڵێتەوە.

لە بارەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە پێویستە ئەوە بڵێم کە حزبو بزووتنەوەی ئێمە نە لە بەرنامەو نە لە نوسراوو بەڵگەنامەکانیدا دەستەواژەی "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا"ی بەکارنەبردوە، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی وەکو ئەوان لێی پەشیمان بوبینەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی تەسەوریکی چەواشە لە بارەی ئەو دەستەواژەیەوە ڕەواجی پەیداکردوەو پێویست دەکات هەمان ناوەڕۆك بە بەیانێکی گونجاوتر دەربڕدرێ. ئێمە پێی دەڵێین (حکومەتی کرێکاری) یان (جمهوری سۆسیالیستی). بەڵام سەر باری ئەمە من ئێستا دەمەوێ لەبەرامبەر ئەم "بەهرەمەند" و "لۆژیکیست"ەدا بەرگری لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بکەم.

گومانم هەیە لەوەی ئەو لە ناوەرۆکی دیکاتۆریەتی پرۆلیتاریا حاڵی بووبێ، باڵی ڕاستی بورژوازی بۆ چەواشە دەیەوێ دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بە سەرکوتگەری ئازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤ لە قەڵەمبدات. بەڵام ئەمیان کە گوایە تا پێش ئەوەی دیموکراسی ببێ بە مۆدی سەردەم، لە پێناو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا خەباتی کردوەو بەم دواییانە وازی لێ هێناوە، کەچی خۆیشی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا هەر وەکو باڵی ڕاستی بورژوازی لێکدەداتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یان بە ووتەی ئێمە حکومەتی کرێکاری، باڵاترین ئاستی ئازادیە، بەڵاترین ئاستی دیموکراسیە بە مانا باوەکەی، لە سایەی ئەودا ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسیو بەیانی بیروباوەڕو ڕەخنەگرتن تەنانەت بۆ دواکەوتوانەترین بیروباوەڕو ڕێبازی سیاسی فەراهەم دەبێت، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یانی حکومەتی خەڵك لە ڕێگای شوراکانی خۆیانەوە، یانی ئازادیو یەکسانی لە نێوان هەمووانو بۆ هەموو خەڵك. بەڵام دەکرێ بپرسین بۆچی دەستەواژەی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بۆ ئەم سیستەمو حکومەتە پڕاوپڕ لە ئازادیە بەکارهێنراوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە هەروەکو مارکسو ئەنگڵسو لینین روونیان کردوەتەوە، هەموو دەوڵەتێك بریتیە لە دیکتاتۆریەتی چینێك بەسەر چینێکی دیکەدا، تا دەوڵەت هەبێت ناتوانێ لەم ناوەڕۆکە بەدەربێت. دەوڵەتەکانی ئێستا بە هەموو شێوەکانیەوە (دیموکراسی پەرلەمانی، ناسیونالیستی، پاشایەتی، ئیسلامی، عەسکەری...) بریتین لە دیکتاتۆریەتی بورژوازی بەسەر چینی کرێکارو جەماوەری خەلکەوە بۆ فەرزکردنی نیزامی

سەرمایەداریو کۆیلایەتی بەکرێ، لە ریگای سەرکوتو داپلۆسینو ئیعدامو شکەنجەوە. حکومەتی کرێکاریش دیکتاتۆریەتی چینی کرێکارە بۆ فەرزکردنی ئازادیو یەکسانیو خۆشگوزەرانی بۆ هەموو دانیشتوان، بۆ فەرزکردنی ئەوەی کە نە کرێکار هەبێتو نە سەرمایەدار، بەڵکو هەموان هاوڵاتی یەکسانو هەمووان بەشداربن لە هەوڵو کۆششی کۆمەڵایەتی لە پێناو ژیانێکی ئاسودەو خۆشگوزەراندا. بورژوازی بە خێری خۆی دەست لە چەوسانەوە هەلناگرێو ئەم ئازادیو یەکسانیەو هەڵوەشانەوەی پێکهاتی چینایەتی کۆمەڵو نەهێشتنی کرێکارو سەرمایەدار قبول ناکات، بۆیە دەبێ بەسەریدا فەرز بکرێت. بۆ ئەم فەرزکردنەش بە پێچەوانەی دیموکراسیەکەی بورژوازیەوە کە کەریم ئەحمەدیش شەیدای بووە، نە پەنا بۆ داپلۆسینو حوکمی ئیعدامو نە تەنانەت بۆ زیندانی ئەبەدیو شکەنجەخانە دەباتو نە ئازادی سیاسیش لە هیچ هێزو لایەنو کەسێك زەوت دەکات.
بەڕاستی ئەوە جێگای پرسیارە کە یەك کادرو ئەندامی حزبی شیوعی پەیدا نابێت یەخەی ئەم ڕابەرە "پڕبەهرەیە" بگرێو بڵێ بە ڕاستی ئەگەر پێت وایە کوردستان کرێکاری تیا نیە ئەی بەخێری بۆچی لە ٦٨ ساڵ لەمەوبەرەوە حزبی شیوعیتان دامەزراندوە؟! بەڕاستی ئێمە بوختان بۆ سکرتێری حزبی شیوعی دەکەین ئەگەر بڵێین خزمەتچیەکی دڵسۆزی سەرمایەدارییە؟! ئەو هەروەکو ناسیونالیستە عەشایەرەکانو بڕیارەکەی ساڵی ١٩٨٦ی ڕژێمی بەعس ئینکاری لە وجودی سەدان هەزار کرێکار دەکات کە ڕۆژانە لە کارگەکانی چیمەنتۆو شەکرو چنینو مافورو بەردی مەڕمەڕو ساردەمەنیەکانو شیرینیەکانو بەلەدیەکانو کارەباو شەریکەکانو مەیدانەکانی بیناسازیو کشتوکاڵو دەیان مەیدانو جێگای تردا بەکرێ بۆ خاوەن کارو سەرمایەداران خەریکی کارو ڕەنجن. ئەم جەنابە ئەو سەدان هەزار کرێکارەو جەماوەری بەرینی زەحمەتکێشی کوردستانی بۆ جیاناکرێتەوە لەو کەمایەتیە سەرمایەدارە مشەخۆرەی کە هەموو سەروەتو سامانی ئەم کۆمەڵگایەیان بەدەستەوەگرتوە، چاوی بەرایی نادات ئەو خاوەن سەرمایە گەورانە ببینێ کە لە ناو سامانو دۆلارو دیناردا غەرق بوونە. جا کرێکاری کوردستان "ڕابەرو بیرمەندی" شیوعی وەکو ئەوی هەبێت ئیتر دوژمنی بۆچیە.
ئەم "شۆڕشگێرە شیوعیە" لە ناو هەموو چینو توێژو هێزەکانی کوردستاندا تەنها دژی "ئاغایەتیە" ئەویش لەبەر ئەوەی نەماوە، تازە بەو تەئکیدەوە کە خۆی دەڵێ مەبەستی "ئاغایەتیە نەك ئاغاکان"، هەموو شوغڵو پیشەو خەمو هەم یشی وەکو هەمیشە بریتیە لە داوای مەرحەمەت لە دەسەڵاتدارانو چارەسەری کێشەی پوچی نێوان هەرچی دەستەو تاقمی ئیسلامیو عەشایەریە لەگەڵ یەکترو تەنانەت لەگەڵ دەوڵەتانی ملهوڕی ناوچەکە، وەکو خۆی دەڵێ دەبێ خەمی ئەوەش بخۆن کە "حزبی پارێزگاران لەگەڵ جمهوری ئیسلامی هینیان هەیە"و "زەنگەنە لەگەڵ فلانە لایەندا کەوتوەتە ناو هەلاو بەزمەوە"، شەوو ڕۆژیش خەو بەوەوە دەبینێ کە تاقمێکی وەکو یەکگرتووی ئیسلامی پەیدا بکات بۆ دروستکردنی بەرەیەك... بەڕاستی ئەم شوغڵە چ مۆرکێکی شیوعیەتی پێوەیە؟!
هەموو هونەری پیشەو خەمو هەمو بەهرەی ئەم پیاوە لە ستایشو خزمەتی دەسەڵاتداردا کۆبوەتەوە، ئەگەر گشت مێژووی ڕابردوی لە دەیان ساڵ لەمەبەروە تا ئێستا هەڵدەیتەوە جگە لەمە هیچی تر نیە. هەرکەس کورسیە شڕێکی دەسەڵاتی بەدەست هێنابێ، تەنانەت ئەگەر بە هەردوو دەست سەروپۆتەلاکی خودی شیوعیەکانی کوتابێتەوەو بە کۆمەڵ ئەندامانو کادرانی ئیعدام کردبێتن، بەلام

تا به زۆر وەدەری نەنابن ئەمان لە خزمەتی دڵسۆزانەی دوودڵیان پەیدا نەکردوە. لە ڕژێمی پاشایەتیەوە تا ڕژێمی بەعس هیچ ڕژێمێك لە عیراقدا نەهاتە سەرکار ئەمان دڵسۆزی بۆ نەنوێنن‌و بەشی ئەوەندە "نیشتمانپەروەری" تیا نەدۆزنەوە کە هاوکاری کردنی حەڵاڵ بکەن. هەمیشە موریدی دەسەڵات‌و حاکم بوونە، مەگەر بە زۆر ڕاونرابن‌و وەدەرنرابن. ئێستاش هەر ئەو خوێنە لە دەمارەکانی کەریمدا دەگەڕێ‌و سەرجەم هەڵوێست‌و قسەو دۆستایەتی‌و دوژمنایەتیەکانی ئیلهام لێرەو لەم مەبدەئە نەگۆڕەوە وەردەگرن.